# كودەتايی هەوراميەكان

**هەورامان على تۆفيق**
**–san@web.deBerzi**



دركاندنی ووشەی كودەتا بۆ بەديار خستنی داوايەک كە دەبوو زۆر لەمێژەوە ئەم داوايە بەرزبكرايەتەوە , ئەگەر بارودۆخەكانی كورد زياتر لەباربوونايە ئەوە پێش وەختی بەجێ گەياندیان دەبوو زوو تربوايە , مافێكی ڕەوايە گەر باس لەوە بكرێت كە زمانەكانی دی بەهاوشانی سۆرانی و ئاوێتە بوونیان پێكەوە بۆ دروست بوونی زمانی يەككگرتووی كوردی كە گرنگە ئێمەی كورد بەزووترين كات لە بابەتی لەدايک بوونی ئەم زمانە ستاندارەی كورد بەيەک بگەين و هەموو ئەو گرفتانەی كە دێنە پێش بۆ پاراستنی بەرژەوەنديە گشتيەكانی كورد وەلانێين بۆ زياتر بەهێزكرن و دەوڵەمەند كردنی كورد بەرامبەر دوژمنانی , چونكە تا كورد ناتەبايی و كێشە ناوخۆيی و بۆشايی و بەيەک نەگەيشتن لەناوخۆييدا بوونی هەبێ ئەوە گەيشتن بەمەبەستە ئايدەييەكانمان گرانترو دوور تر دەبێت . ئەوەی باسی لەسەردەكرێ ئەوەی كە لێدوان گفتوگۆيی بەردەوامی لەسەرە و چەند بيروڕای جياواز لە لايەن گرو دژ بەو بيروكانە يان ئەوانەی كە بێدەنگن وەک ئەم مەسەلەيە هيچ پەيوەندی بەوانەوە نەبێت يان هيچ گرنگيەكی لای ئەوان نەبێت .

بەڵام لەبنەڕەتدا گرفت گرفتی كوردە و هەموومان تێيدا هاوبەشين و پەيوەندی بەهەموو تاكێكی كوردەوە هەيە و بۆيە گرنگە هەموو پێيكەوە بيروڕاكانمان دەبڕين و هەووڵی ئەوەش بدەين بەهەمان شێوە يەكيان بخەين و بە دەرەنجامێكی واش بگەين كە خزمەت بەكوردبكات نەک زيان بگەيێنی . بەڵام دروست بوونی چەندين بيروڕای دژ بەم داوايانە و دروست بوونی چەندين ناو ناتۆرە و چەندی بانگەوازی جۆراوجۆر بۆ وروژاندنی ڕای گشتی بەشێوەيەكی پێچەوانە ئەوانەش بۆ خۆيان دژ بە ڕەوتی ديموكراتی و ئەو پڕۆسە ئازاديەی كە ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستانی عێراق دا بانگێشەی بۆ دەكرێت و ئەوەی بەمافی ڕەوای ئەو بەشانەی تری كوردە .. واتە ئەگەر هەوراميەک يان بادينان و ئەوانەی بەكرمانجی سەرو ئاخافتن دەكەن يان زمانەكانی دی كە پێكهاتەی هەموويان زمانی كوردی دروست دەكەن كەواتە كورد تەنها بە سۆرانی يان بادينی يان هەورامی ناناسرێت و ئەوەش ناگەيەنێ لايەک بەسەر لايەكی تردا بسەپێنرێت , چۆن ڕژێمە داگيركەرەكان لەدێرزەمانەوە ئەم شێوە سياسەتەيان بەسەر كوردا سەپاندووە و بە بێ ويستی خۆمان زمانی تريان بەسەردا سەپاندووينن و ئێستاش تەنانەت لەم شێوە نووسينەی كە ئێستا پێی دەنووسين و ئەم شێوە پيت و ئەو چەند ووشانەی كە خۆيان سەپاندووە بەسەرماندا بەهەمان شێوە سياسەتی داسەپاوی ئەو وولات و نەتەوانەن كە هەميشە بەم شێوە پلان ڕەفتانە لەگەڵمان ڕەفتاريان كردووە و لەلايەن ئێمەی كورديشەوە هەموو كات دەست خۆشيان لێكراون و هيچ ترسێک بەديار نەكراوە بەڵام ئەگەر كوردێک كەمێک بير لەوەبكاتەوە كە كورد پێويستی بەوە هەيە كە زمانێک بۆيەک يەكبوون و پێكەوە ئاوێتەبوونی هەموو زمانەكانی دی تا زەمينەيەک بۆ زياتر لەيەک گەيشتن و ئەو دوورە پەرێزيەی كە لەئەمڕۆدا بوونی هەيە و هەميشەش دانی پێدا نانێين و دەڵێين شتی وابوونی نيە بەڵام لەڕاستی دا بوونی هەيە و لەنێو كۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی خراپی هەيە ناتەبايی و لەيەک نەگەيشتن ئەگەر هەوراميەک لەگەڵ كرمانجێک يان سۆرانيەک لەگەڵ كرمانجێک پێەكەوە

قسەبکەن ئەوە دەبێ زمانی دووەم کە ئەو زمانیە کە دووژمانی کورد پێی دەدوێن یان زمانێکی تری بێگانە بئاخەڤن کەواتە بوونی بۆشاییەک یان کەلێنێکی گەورە هەیەو هەستی پێناکەین و هەرکات باس لەسەر ئەوەش بکرێت و دوایەک بۆ هەمان مەبەست بەرزبێتەوە دەنگی نارەزایی و چەندین ناوناتۆرەش خۆیان ڕاست دەکەنەوە , ئەگەر مەسەلەیەکی لەم چەشنەش بەکودوتا ناوببرێت کەواتە مانای خودی کودەتا چیە وئەو کودوتایەش لەکێ دەکرێت ...؟؟

ئەگەر وروژاندنێک بۆ زیندوکردنەوە و ڕزگارکردنی زمانێک بێت لەفەتان و تیاچوون و کارێک بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی ستانداری کوردی ئەوە گوناحی لەچیدابێت و چ کفرو مەکروهیەتی تێدابێت و پاشانیش زەرەرمەندی لەچیدادەبێت .. ناوچەکانی هەورامان ئەگەر بیاویستایە کودەتا بکەن ئەوە نەک تەنها لە زمان خۆیی دەگرتەوە بەڵکو کودەتای ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵاتی و فکری و ئاینی و زۆرلایەنی دی بەخۆوەدەگرت بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانە چ بەبەشی کوردستانی ڕۆهەڵاتەوە تا کوردستانی باشور هەموو هەمان ڕاوبۆچوون و لێکدانەوە یان هەیە و لەلایان گرنگە کە دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەزمانی خۆیان بەوشێوەی کە لەدایک و باوکیانەوە بۆیان بەجێماوە و ئەوەی باوباپیرانیان قسەیان پێکردووە ئەمڕۆ لەسایەی ئەم ئازادیەدا یەکەم بۆخۆیان وەک مانەوەیک و پارێزگاریەک لە فەوتان و لەناوچوونی ئەو زمانە و پاشان بۆ هاندان و زیاتر ئاسان کردنی ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی کە هەن بۆ دروست بوونی زمانی ستانداری کوردی .. ئەمە ئەوەناگەیەنێ وەک هەندێ کەپێیان وایە هەورامیەکان ماڵ جیایی دەکەن یان دەیانەوێ ماڵ جیایی بکەن یان ئەم شێوە وورووژاندنەوە پەیوەندی بەچەند لایەنێکەوە هەبێت و دەستی ئاژاوەگێڕی تێدابێت و زۆر بابەتی دی کە دەخرێتە پاڵ ئەو کەسانەی لەپشت ئەم داواکاریانەوەن .

کەواتە گرنگە پێش ئەوەی تفەنگ بەتاریکەوە بنرێت لەناوەڕۆکی ئەو داوایانە بکۆڵرێنەوە بزانرێت تاچەند ڕەوان و لەجێی خۆیاندان ..؟ و تاچەند لەبەرژەوەندی نەتەوەیایەتیماندان ..؟ و تاچەند لەخزمەت زمانی کوردی دان .

ئێمەی کورد هەمیشە وافێرکراوین کە زمانی کوردی بریتیە لە سۆرانی , بەڵام کەسمان بیرمان لەوە نەکردۆتەوە زمانی تریش هەن و ئێمە لێیان تێناگەین و ناتوانین پێکەوە قسەبکەین وەک باسم کرد ئەگەر هەورامیەک تەنها هەورامی بزانێت لەگەڵ سۆرانیەک و کرمانجیەک پێکەوە قسەبکەن دەبێ چۆن لەیەک حاڵی بن .. ئەمە ڕاستیەکە دەبێ دانی پێدابنێین و شەرمیشی لێنەکەین و لەهەوڵی ئەوەش دابین چارەسەرێک بدۆزینەوە ئەم شێوە پەرتەوازیە خۆمان ڕزگاربکەین .. لەوانەشە بلێن پەیوەندی ئەمە بەوەوە چیە کە هەورامیەکان یان بادینان بەزمانی خۆیان بخوێنن چی یە ..؟ پەیوەندیەکان لەوەوە دروست دەبن کە ئێمە یەکەم هەنگاو لەزمانەکانی خۆمان بگەین و پاشان سەرجەم ئەو زمانانەی کە ئێمەی کورد تێیاندا کۆدەبینەوە , واتە تاکێکی کورد ئەگەر توانیمان بەو زمانانە ئاشنایی بکەین و لەهەمان کات زمانێکی ستاندار دروست بکەین و زمانی کورد لەووشەی بێگانە پاک بکەینەوە ئەو گرفت لەتێگەیشتنمان لەوزمانە یەکگرتووە دروست نابێت و لەماویەکی کورت و دیاری کراودا ئەوەی مەبەستمانە دەستی دێنین . بەڵام ئەگەر لەم شێوە چەلەحانێیەی ئێستاماندا بمێنینەوە ئەوە حاڵی زمانەکەشمان لەحاڵی ئێستای سەرجەم بارەکانی تری ژیانمان باشترنابێت و ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کورد لە ئاستێکی دیاری کراودا دەمێنێتەوە ..